## هونەرمەند پرشنگ توانا:

# هونەرمەندی کوردی جارجار بەرەو هەڵدێر دەڕوات



خانمە هونەرمەند پرشنگ توانا یەکێکە لەو دەنگانەی لە بواری هونەری گۆرانی کوردیا بوونی خۆی سەلماندووە، هەرچەندە رەنگە دەرکەوتنی کەم بێت، بەڵام خاوەن سەلیقە جوانی هونەری و ستایلێکی تایبەتە لە گۆرانی گوتن کە پێی ناسراوە، پرشنگ توانا جگە لە کاری هونەری ئەندامی کارگێڕی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سویدە، لە دیدارێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە/ سۆران مارف کەریم
Soran.marif@yahoo.com

*** ســـەرەتا دەمانەوێــت خۆت بـــە خوێنەرانـــی گوڵان بناسێنی؟**

- من ناوم پرشنگ توانایە و لەدایك بووی شاری سلێمانیم و لەســـاڵی ١٩٨٦ وە بـــەرەو هەندەران ڕۆیشـــتین بۆ وڵاتی ســـوید و ئێســـتاش قوتابیم لە زانکۆی ئۆپســـالا لە بەشی دەرمانسازی.

*** ئەگەر کورتەیەك لە ژیانی هونەریتان باس بکەن؟**

- ســـەرەتای هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ ئـــەو کاتەی کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم کە لە ڕێی سرودە نیشتیمانیەکانەوە کە زۆر حەزم لێیان بوو دەستم پێکرد، هەروەها مامۆستاکانیش هانـــدەرم بوون بۆ بەردەوام بوون لەم بـــوارەدا، هەرئەوەش بوو بەهۆی کە بەردەوام بم لـــە قوتابخانەی ناوەندی وئامادەیی وە بەشـــداریم لە چالاکی قوتابخانـــەکان . کاتێ کە هاتمە دەرەوە بـــۆ هەندەران بەردەوامی تەواوم پێدا و لە زۆربەی یادو بۆنە کوردیەکان بەشـــداریم کردوە لە سویدو دەرەوەی سوید لە ئەوروپا.

*** ئەوکاریگەریانـــە چی بوون کـــەوا خۆتان لەناو دنیای هونەریدا ببیننەوە؟**

یەکەمین دەگەڕێتەوە بۆ حەزو ئارەزووی خۆم کە هەســـتم کرد ئەو بەهرەیەم تێدا هەیە، دووەمیشیان ئەوانەی کە هاندەرم بوون لە قوتابخانەو ماڵەوە .هەروەها براکەشم عەلی مەحێدین کە خۆشـــی هونەرمەندە ئەویـــش هاندەرێك و کاریگەریەکی ترە.



**هونەرمەندی سەرکەوتوش ئەوەیە کە موزیک و هۆنراوەکە لەگەڵ گۆرانییەکەی بگونجێ**

*** هونەر لە لای بەڕێزتان چی دەگەیەنێ و پێناسەتان بۆ هونەر چییە؟**

- هونەر بە لای منەوە هەســـت و سۆز و خۆشەویستی و ژیانە .وە پێوانەی پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر میللەتێکە.

*** تۆ خاوەنی دەنگێکی تایبەتیت،کەچی ماوەیەکی زۆرە لە شاشەی میدیاکانەوە بەرهەمی نوێت نابینرێت، هۆکارەکەی چییە؟**

- بەڕاســـتی هەموو هونەرمەندێك حەز دەکات هەمیشـــە بەرهەمی تازەی هەبێت بەڵام خواستەکان لەگەڵ ئەوانەی کە دێتە دی جودان، ئەمەش خەم و گرفتی هەموو هونەرمەندێکە، چونکە بەرهەمی تازە پێویســـتی بە پشتگیریە مەبەستیشم تەنها پشـــتگیری مادی نییە، بەڵکو مەبەســـتم هاوکاری جەماوەرەکە لە ڕێگای کڕینی سیدیە ئۆرگیناڵەکانەوە دوور لە کۆپی کـــردن، کە دەبنە هانـــدەری هونەرمەند بۆ کاری تازەو داهێنان، لەگەڵ ئەمانەش ئێســـتا ئەلبومی دووەمم بە ناوی ژوان تەواو بووەو بەم زوانەش دەکەوێتە بازاڕ، لە هەوڵی ئەوەشـــدام کە چەند گۆرانییەکی ئەو ئەلبومە تازەیە کلیپ بکەم.

*** وەك بزانیـــن زۆربەی هۆنراوەی بەرهەمەکانت لە لایەن هاوسەرەکەتەوە دانراون،ئەمە تا چەند هاندەرت بووە بۆ خزمەت کردنی بواری هونەریت؟**

- لە ڕاســـتیدا موزیك و گۆرانی و هۆنراوە سێ چەمکی بەیەکەوە بەستراون هەریەکەشیان سەرکەوتنی ئەوانەی تریانن، خۆشبەختانە هەرسێ لەو چەمکانە لە ناو خێزانەکەی ئێمەدا هەیـــە، بۆیە ئەو هۆنراوانەی کە هاوســـەرەکەم دایناون زیاتر هۆنـــراوەی گۆرانییەو لایەنێکی گشـــتی گرتۆتەوە ئەویش خۆشەویستیە وە هەمووشـــی لە ناخی مندان، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە گۆرانیەکان بە دڵ بڵێم و تێیدا سەرکەوتووبم کەخۆی لە خۆیدا بۆتە هۆی پێشکەوتنی بواری هونەریم.

*** تاچەند هاندەر بویت کـــە منداڵەکانت خزمەتی بواری هونەری بکەن، ئێســـتا هیچ کام لـــە منداڵەکانت لە بواری هونەر کار دەکەن ؟**

- ئێمە لەماڵەوە هەریەکەمان هاندەری ئەوەی ترمانین بۆیە کاردانەوەمان لەســـەر منداڵەکان هەبووە بە تایبەتی لە بواری نوسین وهونەردا، دیدەنی کوڕم ئێستا هونەرمەندێکی دیارە و کاری بۆ زۆربەی هونەرمەندان کردوە کە منیش یەکێکم لەوان و جێ پەنجەشـــی دیارە وەك موزیکژەن و دابەشکردن و ئاواز دانەر، کچەکەشم بە ناوی نارین دەنگی زۆر خۆشەو خەریکی دەرکردنـــی ئەلبومێکە کە زۆر لە گۆرانییەکانی ئیگلیزین و چەند گۆرانیەکیشی ئینگلیزی و کوردییە، هەروەها دەستی شـــیعردانانی هەیە و شیعری گۆرانییەکانیشی هی خۆیەتی ئاوازکانیشی هی دیدەن و هەندێکی ئاوازی خۆیەتی.

*** جگە لە کاری هونەری ئەندامی کارگێڕی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردســـتانیەکانی لە ســـوید، ئـــەرك و کارت لەو فیدراسیۆنە دا چیە؟**

- پێشەکی فیدراسیۆن وەکو چەترێك وایە کە هەموو کوردی

پارچەکانــــی گرتۆتە خــۆی، دەزگایەکی ناســراو و باوەڕ پێکراوی وولاتی ســـویدە و جگە لەوە ئەرکێکی نەتەوایەتی لە سەرشـــانە کە سەرپەرشتی زیاتر لە ٤٠ کۆمەڵەی کوردی دەکات لە سەرتاسەری سوید، بۆیە بە شانازییەوە من ئەندامی کارگێڕی ئەو فیدراســـیۆنەم و بەرپرسی کۆمیتەی کلتوری و پەروەردەم کە تا ئێســـتا چەندین چالاکی جۆراو جۆرمان لە بواری هونەری و مێژوویی و کلتوری ئەنجام داوە.

*** ڕەوشـــی هونەری بە گشـــتی چۆن دەبینـــی وە کام هونەرمەند بە هونەرمەندی سەرکەوتوو هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە ڕاســـتیدا بە بەراورد لەگەڵ سالانی پێشودا هونەری کوردی ئێستا بەرەو پێشەوە دەڕوات،ئەویش دەگەڕێتەو بۆ ئەو ئازادیەی ئەمڕۆ کە کوردستان بە خۆیەوە بینیویەتی،گەلێك هونەرمەندیـــش دەرکەوتـــوون، بـــەڵام لە هەمان کاتیشـــدا هونەرمەندی کوردی جارجار بەرەو هەڵدێرو مەترسی دەڕوات بە هۆی لە دەســـتدانی ڕەســـەنایەتی کوردی لـــە ئاواز و دابەشکردنەکاندا .

سەبارەت بە هونەرمەندی سەرکەوتوش ئەوەیە کە موزیك و هۆنراوەکە لەگەڵ گۆرانییەکەی بگونجێ و بەهرەی دەنگ خۆشـــی تێدا هەبێت، بێجگە لەمانەش هونەرمەند کەسایەتی خۆی بپارێزێت.

*** ئەرشیفی هونەریتان بە کوێ گەیشتووە، واتە تا ئێستا چەند بەرهەمی تۆمارکراوتان هەیە؟**

- ئەلبومی یەکەمم لە ساڵی ١٩٩٩ دەرکرد بە ناوی (دەردی ئەوین) وە ئێستاش ئەلبومی دووەمم بە ناوی ژوان بەم زووانە بـــڵاو دەبێتەوە، هەردوکیان بە ئاوازو دابەشـــکردنی دیدەن، و بەشداری هونەرمەندی بەڕێز عارف شەکوری لە گۆرانییەکدا و هۆنـــراوەی بەڕێز قادر توانا و یەکێك لە هۆنراوەکانی بەڕێز سەمیر دەســـکۆ. بێجگە لەو کلیپەی گۆرانی دەردی دوری کـــە لەئەلبومەکەمدا نییە بەس کلیپم بۆ کـــردووە، هەروەها جگە لـــەو گۆرانیانەی کە لە ئاهەنگ و یـــادو بۆنەکاندا ئامادەم کردبوون بەڵام لە ئەلبوکانمدا نین،ئەمانەو بێجگە لە دووگۆرانی کە بۆ بەرنامەی تاراوگە ئامادەکران بە ناوی هۆ لەیلی و وەفاداری کە هەردووکیان گۆرانی سیدی یەکەمە بە ناوی دەردی ئەوین، و چەند گۆرانی ترم بەڕێوەیە بۆ کلیپ، هەروەها کلیپی گوڵەباخێشم هەیە کە یەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبومی ژوان.

*** زۆر جـــار باس لە هونـــەر و ئافرەتی کورد دەکرێ، تۆ ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە هونەردا چۆن دەبینی؟**

بە بەراورد لەگەڵ ســـالانی پێشو، ژمارەی هونەرمەندانی ئافرەت بـــەرەو زۆربوون دەڕوات و هیـــوادارم ئەوانەی کە لە خۆیـــان ڕادەبینن و دەنگیان خۆشـــەو یاخـــود دەتوانن هەر کارێکـــی هونەری بکەن (لە هەموو بوارەکان با چیتر لە ژێر پەردەی دابونەریتی نا کوردەواریدا خۆیان حەشار نەدەن و بێنە مەیدانی هونەری.

*** پێـــت وانییە تاکو ئەمڕۆش بەربەســـت هـــەن لە بەردەم ئافرەتی کورد تا خزمەتی هونەری کوردی بکەن ؟**



بەڵێ بەربەست زۆرە بە تایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کـــە دابونەریتی نا کوردەواری یەکێکە لە هۆکارەکان و گەلێ هۆکاری تریش هەیە وەك بڕوا بەخۆنەبوون وشـــەرم و ترســـان لە کۆمەڵگا.

*** ڕۆڵی میدیای کوردی چۆن دەبینی لە خزمەت کردنی هونەری کوردیدا ومیدیای کوردی چۆن دەتوانن بەربەستەکان بشکێنن تا ئافرەتان خزمەتی زیاتری هونەری کوردی بکەن؟**

تا ڕادەیەکی باش میدیای کـــوردی ڕۆڵی خۆی دەبینێ ئەویـــش بە هوشـــیار کردنەوەی هەمـــوو تاکێکی کۆمەڵ و چۆنیەتی ئازادکردنـــی ئافرەت لەو تارماییەی کەبۆتە ڕێگر بۆی و دەرخســـتنی تواناکانـــی ئافرەتی کـــورد لە هەموو بوارێکدا.

*** چۆن توانیوتانە هونەری ڕەسەنی کوردی بپاریزن؟**

بە هۆنراوە وئاوازی ڕەســـەنی کوردی و بە دەنگی کوردی توانیومە هونەری ڕەسەنی کوردی بپارێزم .

*** ئێستا چ پرۆژەیەکی هونەریتان لە بەردەستە؟**

هەروەکو باســـم کرد بێجگە لە ئەلبومە نوێیەکەم،خەریکی کاری کلیپم.

*** دوا وتەتان بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

زۆر سوپاســـتان دەکەم بۆ ئەم بەســـەرکردنەوەیە و هیوادارم هـــەردەم لە خزمەتی هونەرمەندان بن کـــە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاندەرێکی زیاتر و پاڵپشـــتێکە بۆ هونەرمەندان و ئەو کارانەی کە دەیکەن.

**بە بەراورد لەگەڵ سالانی پێشودا هونەری کوردی ئێستا بەرەو پێشەوە دەڕوات**

# سەرەڕای پێشبینییەکان
# ئەم ساڵیش کورد لە ئۆسکار بێبەش بوو



هەفتەی رابردوو ئەکادیمیای هونەر و زانستی سینەما خەڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئۆسکار بۆ ساڵی 2008 دابەشکرد، وەك هەموو ساڵێك ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرە ناودارەکانی سینەمای جیهانی لە ئاهەنگەکەدا بەشدار بوون چ ئەوانەی پاڵێوراو بوون بۆ بە دەستهێنانی خەڵاتەکان و خەڵاتەکانیان بەدەستهێنا و چ ئەوانەی وەك میوان ئامادەی ئاهەنگەکە بوون.

**دیسان کورد بێبەش بوو**

وا راهاتووین هەموو ساڵانە چەند مانگێك بەر لە دەستپێکردنی دەستنیشان کردنی پاڵێوراوانی ئۆسکار ئێمەی کوردیش دڵی خۆمان خۆش بەو هیوایەی یەکێك لەو فیلمە جۆراوجۆرانەی ساڵانە لێرە و لەوێ بەرهەم دەهێنرێن بە ناوی کوردستان یان بە هاوکاری کوردستان، لەبەر بەرزی فیلمەکە و سیناریۆکەی چانسی ئەوەی هەیە بپاڵێورێت بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار، چونکە بەشێکی زۆری فیلمە کوردییەکان خەڵاتی جیاجیا لە زۆربەی فیستیڤاڵەکان خەڵات بەدەست دەهێنن و دەنگۆیەکی زۆریان دەبێت.

ئەم ساڵ فیلمی ( ژانی گەل)ی دەرهێنەر جەمیل رۆستەمی یەکێك بوو لەو فیلمە هەرە دیار و بەرچاوانەی کە لە ساڵی 2007 نمایش کرا و لە هەندێك فیستیڤاڵ خەڵاتیشی بەدەست هێنا و دەنگۆیەکی زۆر هەبوو کە ئەم ساڵ نوێنەرایەتی عێراق دەکات لە فیستیڤاڵی ئۆسکار ئەمەش بووە مایەی دڵخۆشی هەموو کوردێك بەتایبەتی سینەماکاران و ئەوانەی بە تەواوی لە گرنگی و بەهای خەڵاتی ئۆسکار شارەزان و دەزانن وەستان لەسەر فەرشی سووری هۆلیۆد چ کاریگەرییەکی سیاسی و هونەری گەورەی هەیە، بەهەر حاڵ فیلمەکە لە کوردستان نمایش کرا و بە پێوەر و تێگەیشتنی خۆمان بۆ سینەما تا رادەیەك دەرفەتی ئەوەی هەبوو نوێنەرایەتی عێراق بکات لە ئۆسکار و بارودۆخیش تا رادەیەك لەبار بوو، بەڵام لەکاتی ئاشکرا کردنی فیلمە پاڵێوراوەکانی ئۆسکار بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین فیلمی بیانی کە (ژانی گەل)یش دەیتوانی تەنیا لە بوارەوە رکابەرێتی بکات، چەند فیلمێکی نەمساوی و ئیسرائیلی و کازاخستان و پۆڵەندی و روسی راگەیەندران و ئەم جارەشیان کورد تەنانەت لە رێگای عێراقیشەوە بوونی لە ئۆسکاری ئەم ساڵدا نەبوو و جارێکی دیکە دەبێ سەر لە نوێ هەر هیوا و ئاواتمان ئەوە بێت کە بوونمان لە ئۆسکار هەبێت و فیلمەکانمان بگەنە ئەو ئاستەی جیهان شایەدی ئەوەی بدەن کە شایەنی ئەوەن رکابەرێتی و ململانێی فیلمی وڵاتان بکەن و خەڵاتیش بەدەست بهێنن.

**کەمترین رێژەی بینەران لە ماوەی 34 ساڵدا**

ئەم ساڵ لەژێر رێوشوێنی ئەمنی توندا ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار بەرێوەچوون و نزیکەی 12 رێگای لۆس ئەنجلۆس داخران، بەڵام لە هەمان کاتدا رێگا بە خەڵك درا لە شانۆی کۆداك نزیك ببنەوە و، بەر لە دوو کاتژمێر بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر و ئەکتەری بەناوبانگ لەوانە تۆم هانکس و نیکۆڵ کیدمان و هاریسۆن فۆرد و مارتن سکۆرسیزی و رینیە زیلۆگەر لەسەر فەرشە سوورەکەدا تێپەڕین کە درێژییەکەی چەند سەد مەترێك دەبێت و دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی خانمە هونەرمەندەکان بەتایبەتی ئەوانەی پاڵێوراو نین بۆ خەڵاتەکان بە نوێترین مۆدەی جلوبەرگ دەرکەون ببنە باسی رۆژنامە و گۆڤارەکان.

ئەوەی فیلمەکانی ئەم ساڵی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە زۆربەی فیلمە پاڵێوراوەکان توند و تیژی بابەتی سەرەکییانە و ئەکتەرەکانیش رۆڵی کەسایەتی و سیناریۆی شاراوە و بەرجەستە دەکەن، هەروەها بە پێی ئەو سەرژمێریانەی کە ئەنجامدراون ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار کەمترین رێژی بینەران ئامادەی بوون لە ماوەی 34 ساڵی رابردوودا.

بە گوێرەی ئەو ژمارانە کە تۆڕی تەلەفزیۆنی ( ئای بی سی) بلاوی کردۆتەوە، ئاهەنگی خولی 80 هەمینی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار، نزیکەی 32 ملیۆن کەس لە ماوەی سێ کاتژمێر و 8 خولەکدا بینییان، بەڵام لە ساڵی 2007 زیاتر لە 41 ملیۆن کەس لە ئەمریکا ئاهەنگەکەیان بینی بوون، شایەنی گوتنە لە ساڵی 2003 کەمترین ژمارەی بینەران ئاهەنگەکەیان بینی، چونکە دوای چەند رۆژێك لە

دەســـتپێکردنی جەنگی ڕزگاری عێراق ئاهەنگەکە ســـاز کرا، بە پێچەوانەشـــەوە لە ساڵی 1998 زیاتر لە 55،25 ملیۆن کەس ئاهەنگەکەیان بینی بوو ئەمەش بە ژمارەیەکی پێوانەیی دادەنرێت ئەو ساڵا فیلمی تایتانیك چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا و تەنیا لە ئەمریکا 600 ملیۆن دۆلاری کۆ کردەوە، ئەم ساڵا ســـیناریۆ نووسەکان تەلەفزیۆن و ســـینەما بۆ ماوەیەکی زۆر مانگرتنێکی سەرتاسەرییان ڕاگەیاند بوو کە تەنیا بە دوو هەفتە لە سازکردنی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی ئۆسکار کۆتاییان پێهێنا، هەروەها ئەم ساڵا ئەکادیمیای هونەر و زانستی سینەما دووچـــاری ڕەخنەیەکی زۆر هاتەوە بە هۆی دوورخســـتنەوەی چەند فیلمێکی لوتکە وەك چوار مانگ و ســـێ هەفتە و دوو ڕۆژ - 4Months، 3 weeks and 2 days

**یەکەمەکانی ئۆسکار**


فیلمـــی (No Country for Old Men) کە لە دەرهێنانی هەردوو برا جویل و ئیســـیان کوینە خەڵاتی باشترین فیلمی بەدەستهێنا لەگەڵ سێ خەڵاتی دیکە ئەوانیش باشترین فیلم و باشـــترین ســـیناریۆی وەرگیراو و باشـــترین ئەکتەری یاریدەدەر، بەمەش هەردوو برا کوین دووەم دەرهێنەرن کە خەڵاتی باشـــترین دەرهێنەر بەدەســـت دەهێنـــن دوای ڕۆبێرت وایس و جیرۆمی ڕۆبینز.

کچە ئەکتەر فەرەنســـی ماریۆن کۆتیار خەڵاتی باشـــترین ئەکتەری ئافرەتی بەدەستهێنا لە ڕۆڵی لە فیلمی (ژیانی پەمەیی -La Vie en Rose) کە بـــاس لە ژیانی گۆرانیبێژی بەناوبانگی فەرەنســـی ئەدیس بیاف، بەمەش کۆتیاری تەمەن 32 ساڵ لە ساڵی 1960 ەوە دەبێتە یەکەم فەرەنسی کە ئەم خەڵاتە بەدەســـت دەهێنێت، دانییـــا دای لویس بۆ جاری دووەم خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری پیاو بەدەستهێنا لە ڕۆڵی لە فیلمی (There Will be Blood) کە باس لە گەڕان بە دوای نەوتدا دەکات لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەمەش دووەم جـــارە دای لویس ئەم خەڵاتە بەدەســـت دەهێنێت، دوای ئەوەی ســـاڵی 1989 لـــە فیلمی (پێی چەپەم- My Left Foot) کە باس لـــە پیاوێکی ئیفلیج دەکات کە بە پێیەکانی فێرە خوێندن و نووسین دەبێت.

ئەکتەری بەریتانی تیلدا ســـوینتۆن ئۆســـکاری باشـــترین ئەکتەری یاریدەدەری ئافرەتی بەدەســـتهێنا لە فیلمی ( مایکل کلایتۆن - Michael Clayton ) کە باس لە پارێزەرێکی دڵڕەق دەکات، ســـوێنتۆن کە لە لەندەن لە دایکبووە و دەرچووی قوتابخانەی ویســـت هیســـی کچانـــە لەگەڵ شـــازادە دیانا، ناوبانگێکی باشـــی پەیدا کردووە لە سینەما بە نواندنی ڕۆڵی نا ئاسایی.

ئەکتەری ئیسپانی خافییر باردیم خەڵاتی باشترین ئەکتەری یاریدەدەری پیاوی بەدەســـتهێنا لە ڕۆڵی لـــە فیلمی ( هیچ شـــوێنێك بۆ پیـــاوە پیرەکان نییـــە - No Country for Old Men) لەم فیلمەدا باردیم ڕۆڵی پیاوێکی نەخۆشـــی دەروونـــی دەبینێت کە چەندین تاوانی کوشـــتن ئەنجام دەدات، باردیم جارێکـــی دیکەش لە ســـاڵی 2000 پاڵێوراو بوو بۆ بەدەســـتهێنا هەمان خەڵات لە ڕۆڵی لە فیلمی ( بەر لە هاتنی تاریکی - Before Nigh Falls )، فیلمی نەمساوی ( ساختەکان - The Counterfeiters) کە لە دەرهێنانی ستیڤان ڕۆزۆڤیتزکییە و باس لە سەردەمی هۆلۆکۆست دەکات، خەڵاتی باشترین فیلمی بیانی بەدەستهێنا ئەمەش یەکەم فیلمە ئەم خەڵاتە بەدەست دەهێنێت، لە هەمان کاتدا سەرکەوت بەسەر چەند فیلمێکی دیکە لە ئیســـرائیل و کازاخســـتان و پۆڵەندا و ڕووسیا.





# 24





# یەکێک لە بەناوبانگترین زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان

یەکێك لەو زنجیرە تەلەفزیۆنیانەی کە ناوبانگ و جەماوەرێکی زۆری هەیە و لە چەندین کەناڵ نمایش دەکرێت، زنجیرەی پۆلیسی و ئەکشنی (٢٤) ە کە بۆتە مایەی راکێشانی سەرنجی بینەران لە سەرتاسەری جیهان و بۆ چەند زمانێکی جیاجیا دۆبلاژ کراوە و نمایش دەکرێ، ئەوەی زیاتر مایەی گرنگی پێدانی بینەرانە بەرجەستە کردنی رۆڵەکانە لە لایەن ئەکتەرەکان زیرەکی و لێهاتوویی دەرهێنەرە لە بەیەکەوە گریدانی رووداوەکانی بەیەکەوە هەرچەندە وەرزەکانیشی لە یەکتری دوورن و رەنگە ئەکتەرەکانیش گۆڕابن، نابێ ئەوەش لە یاد کە بابەتی سەرەکی زنجیرەکە تیرۆر و چۆنیەتی قەڵاچۆکردنیەتی بە هەموو شێوەکانییەوە ئەمەش پاڵپشتێکی بەهێزی دیکەیە بۆ سەرکەوتنی زنجیرەکە لە رووی جەماوەرییەوە، لێرەدا باس لە کەسایەتییە گرنگەکانی دەکەین لە چەند وەرزێکدا:


جاك پاوەر: (کیڤر سوسرلەند لە وەرزەکانی (١،٢،٣،٤،٥،٦،٧) پاڵەوانی سەرەکی زنجیرەکەیە،بە چەندین هەڵوێستی ترسناك و نا خۆشدا تێدەپەڕی، پیاوێکی توندە لەکاتی لێکۆڵینەوە،بەڵام









مرۆڤێكی دڵناسكە.

تۆنی ئەلمیدا: (كارلۆی بێرنارد ) لە وەرزەكانی (١،٢،٣،٤،٥،٧) هاوڕێی جاك پاوەرە لە وەرزی سێیەم دەبێتە بەڕێوەبەری نەهێشتنی تیرۆرە لە لۆس ئەنجلۆس و بە تۆمەتی خیانەت كردن لە وڵاتەكەی دەستگیر دەكرێت، بەڵام بە هۆی شایەدی جاك پاوەر و دیڤید پالمەر ئازاد دەبێت و جەماوەر پێی وایە تۆنی لە وەرزی پێنجەم گیانی لەدەستداوە، بەڵام لە وەرزی حەوتەم دەگەڕێتەوە.

دیڤید پالمەر: ( دەنیس هایزبرت) لە وەرزەكانی (١،٢،٣،٤،٥) سەرۆكی ئەمریكایە هاوڕێ و دۆستێكی پێشووی جاك پاوەر و لە وەرزی پێنجەمدا تیرۆر دەكرێت.

كیم پاوەر: (ئەلیشا كسبیرت) لە وەرزەكانی (١،٢،٣،٥)كچی جاك پاوەرە، كچێكی شەڕاوی و یاخییە، بەڵام دوای مردنی دایكی دەگۆڕێت وپەیوەندی بە یەكەی نەهێشتنی تیرۆرەوە دەكات تا لە باوكی نزیك بێتەوە.

میشێل دیسلەر: (ریكۆ ئایلزوورس) لە وەرزەكانی (٢،٣،٤،٥) هاوسەری تۆنی ئەلمێدایە، بەڵام لێی جیادەبێتەوە كاتێك چیتر بەرگەی ئەو ژیانەی ناگرێت، دوای ئەوەی ئەلمێدا هۆگری كهول خواردنەوە دەبێت، بەڵام لە وەرزی ٤ دووبارە دەچێتەوە لای و یارمەتی جاك پاوەر دەدات و لە وەرزی پێنجەمدا دەمرێت.

نینا مایەرز: (سارا كلارك) لە وەرزەكانی (١،٢،٣) ئەندامێكی یەكەیە و پەیوەندییەكی خۆشەویستی كۆنی لەگەڵ جاك پاوەر هەبوو، بەڵام خیانەتی لە وڵاتەكەی خۆی كرد و لە وەرزەكانی ١و٢و٣ دا یارمەتی شانەیەكی تیرۆریستان دەدات، دواتر جاك پاوەر دەیكوژێت لە تۆڵەی ژنەكەی كە لە وەرزی یەكەمدا كوشتبووی.

تا ئێستا حەوت وەرزی زنجیرەكە دابەزیوە وەرزی حەوتەم لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١٤ لە كەناڵی تەلەفزیۆنی فۆكس نیتوورك دابەزی و وەرزی هەشتەمیش لە ٢٠٠٩ دادەبەزی.

وەرزی یەكەم: لە ساڵی ٢٠٠١ لە كەناڵی نمایش كرا، ڕووداوەكانی لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕوویانداوە لە كاتی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی ئەمریكا و باس لە هەوڵێكی تیرۆریستان دەكەن بۆ تیرۆركردنی پاڵێوراوی سەرۆكایەتی دیڤێد پالمەر لە هەمان كاتدا پاوەر هەوڵی ڕێگا گرتن لەم كردەوە تیرۆریستییە دەدات.

وەرزی دووەم: ئەم وەرزە لە ٢٠٠٢/١٠/٢٩ لە كەناڵی فۆكس نیتوورك نمایش كرا و ڕووداوەكانی لە ساڵی ٢٠٠٦ن كاتێك تیرۆریستان هەوڵی تەقینەوەی بۆمبێكی ئەتۆمی دەدەن لەسەر خاكی ئەمریكا لە هەمان كاتدا باس لە گەندەڵییەك دەكەن لەنێو دەزگاكانی حكومەتی ئەمریكا و تاوانبار كردنی سێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەوڵدان بۆ تەقاندنەوەی ئەم بۆمبە، جاك پاوەر هەوڵی ڕێگا گرتن لەم تەقینەوەیە دەدات و هەرسێ وڵاتەكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم تۆمەتە لەسەر خۆیان لادەبەن.

وەرزی سێیەم: ئەم وەرزە لە بەرواری ٢٠٠٣/٦/٢٨ لە كەناڵی فۆكس نیتوورك نمایش كرا، ڕووداوەكانی ئەم وەرزە لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕوودەدەن لەكاتی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی ئەمریكا كاتێك تیرۆریستێك هەوڵی رزگاركردنی براكەی دەدات لە زیندانێك ئەویش بە ڕێگای دزینی ڤایرۆسێكی ترسناك و هەڕەشەی پێدەكات ئەگەر براكەی ئازاد نەكرێت، وەك هەموو جارێك پاوەر ڕێگای ئەنجامدانی ئەم هەڕەشەی لێدەگرێت.

وەرزی چوارەم: ئەم وەرزە لە ٢٠٠٥/٦/٩ لە كەناڵی فۆكس نیتوورك نمایش كرا كاتێك تیرۆریستەكان شەمەندەفەرێك دەتەقێننەوە و وەزیری بەرگری ئەمریكا دەڕفێنن و چەكێكی ئەتۆمی دەدزن لە هەمان كاتدا هەوڵی كوشتنی سەرۆكی ئەمریكا دەدەن، هەرچەندە ئەو كات پاوەر لە یەكەی نەهێشتنی تیرۆر دەركرا بوو، بەڵام لە هەمان كاتدا هەوڵی بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستان دەدات.

وەرزی پێنجەم: ئەم وەرزە لە ٢٠٠٦/٦/١٥ وەك زۆربەی وەرزەكانی دیكە لە كەناڵی فۆكس نیتوورك نمایش كرا، لەم وەرزەدا پاوەر بە تۆمەتی هەوڵی كوشتنی دیڤێد پالمەر و میشێل دیسلەر تاوانبار دەكرێ و هەوڵی تیرۆریستان بۆ كۆنترۆڵ كردنی فڕۆكەخانەیەكی نێودەوڵەتی و دەستگیر كردنی ژمارەیەك بارمتە و دەست بەسەرداگرتنی گازی ڤی ئێكس ئەویش لە ڕێگای خیانەتكردنی چەند كەسێك لە نێو كۆشكی سپییەوە، لەم وەرزەدا جاك پاوەر هەوڵێكی زۆر دەدات بۆ ڕاگرتنی ئەم كارانە و ئاشكرا كردنی ئەو كەسانەی خیانەتیان كردووە.


وەرزی شەشەم: ڕووداوەكانی دوای ٢٠ مانگ لە وەرزی پێنجەم ڕوو دەدەن.


وەرزی حەوتەم: ئەم وەرزە لە ساڵی ٢٠٠٨ نمایشكرا و ڕووداوەكانی دوای سێ ساڵ لە وەرزی شەشەم ڕوودەدەن، لەم وەرزەدا تۆنی دەبێتە تیرۆریست.


وەرزی هە شتەم: بڕیار وایە لە ساڵی ٢٠٠٩ نمایش بكرێت.


## ٢٤ دەبێت یاری و فیلم

بڕیار وایە ئەم ساڵ فیلمێكی تایبەت بە ناوی ٢٤ بەرهەم بهێنرێت كە ڕووداوەكانی لەنێوان وەرزەكانی ٦ و ٧ ڕوودەدەن، لە هەمان كاتدا یارییەكی پلەی ستەیشن٢ تایبەت بە زنجیرەكە لە بەرواری ٢٠٠٦/٢/٢٧ بڵاوكرایەوە و ڕووداوەكانی باس لە دوای ٦ مانگ لە ڕووداوەكانی وەرزی دووەم دەكەن و لە ٢٤ قۆناغ پێكهاتووە.






# پەڕینەوە لە غوبار
# بازدانێكی گەورەیە لە سینەمای كوردی

پشتیوان عەبدوڵڵا

سینەما تاكە هیوا و ئاوات و ئارەزووی هەمیشەیی تەمنم بووە، سینەمای كوردیش حەز وئاواتێكی مەزنی ساڵانی ژیانم بووە، بۆ ئەم سینەمایەش هەوڵ و هیلاكی و شەونخوونییەكی زۆرم كردووە، رەنگە كەسانێك ئاگادار بن، بەڵام هیچ كات بە قەد ئەو ماوەیە (چەند ساڵێك لەمەو بەر) لەو سینەمایە بێ ئومێد و هیلاك نەبوومە هەرچەندە بە بەردەوامی موتابەعە و چاودێریم كردووە، بەڵام كار و هەوڵ و ئەزموونەكان جێگەی نیگەرانی و بێ ئومێدی من بوون .

تاكە ئومێد كە لە بەردەمم مابوو فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) بوو كە لە رۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠٠٨/٢/٢٤ لە جوانترین هۆڵی ساڵۆنی سینەما بە ئامادەبوونی جەماوەرێكی زۆر فیلمەكەم بینی.

پێش هەموو شتێك هۆڵ و ساڵۆنی سینەماكە ئومێدی پێ بەخشیم دواتر كە پرسیم ئەو هەموو جەماوەرە بە داوەت و میوانداری هاتووە، گوتیان : نەخێر، پتر خۆشحاڵ بووم بەو جەماوەرە جوانە، كاتێكیش چرای ساڵۆنی سینەماكە كوژایەوە و فیلمەكە دەستیپێكرد كەوتمە خەیاڵێكی ترەوە.

سەرەتا پێشبینی ترم لەسەر فیلمەكە هەبوو هەرچەندە فیلمەكەم نەدیبوو، بەڵام بە حوكمی ئەوەی پێش دروستكردنی دەرهێنەرەكە ( شەوكەت ئەمین) بۆی باس كردبووم و پاشتر واتە دوای بەرهەمهێنانی بەڵێنی ئەوەی پێدام كە بە تایبەت بە (دی ڤی دی) بۆم پەخش بكات (هەر باش بوو بەو شێوەیە نەمدیت)، چونكە فیلمی سینەمایی هەر لە سینەما ببیینیت باشترە.

پێشبینی من لەسەر فیلمەكە بەو شێوەیە نەبوو هەرچەندە من لە زیرەكی و جدییەتی دەرهێنەر لەكاری هونەریدا دڵنیا بووم، بەڵام من دەمزانی ئەم فیلمە بۆ دید و چاوی بینەرێكی دی كراوە، بۆ بینەری دەرەوە كراوە نەك بۆ بینەرێكی كورد، چونكە ئەو واقیعەی لە سینەمادا نیشان دەدرێت واقیعێكە بۆ بینەری كورد ئاشنایە و شتێكی نوێ و تازە نییە، بەڵام بۆ بینەرێكی غەیرە كورد شتێكی تازە و كاریگەر و سەرنجڕاكێشە، شتێكی تریش هەیە كە چیرۆك و بابەت لە سینەمادا ئەو سەرنج و هەستم ناجولێنی بە قەد ئەوەی چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆك و بابەتەكە بە زمان و وێنەی سینەمایی لای من جێی سەرنج و بایەخە بۆیە تەسەورم نەدەكرد ئەو فیلمە كە بۆ بینەرێكی تر كراوە سەرنج و هەستم بجولێنێت، بەڵام كارەكە پێچەوانە كەوتەوە و فیلمە كە توانی هەست و سەرنج و خەیاڵی سینەماییم ببزوێنێ و خەیاڵم لا دروست بكات.

رۆژێكیان هونەرمەندێكی گەنج پرسیارێكی زۆر سەرنجڕاكێشی لێكردم و گوتی: بە حوكمی ئەوەی ئەزموونی زۆرت لە بواری سینەما و دیتنی فیلمدا هەیە بە یەك رستە ئامۆژگاریم بكە چۆن لە فیلمی باش و جوان بگەم؟ پرسیارەكە زۆر قورس بوو تۆزێك كەوتمە خەیاڵەوە و یەكسەر پێم گوت: هەر فیلمێك توانی خەیاڵت لا دروست بكات ئەوا فیلمێكی باش و سەركەوتووە)، فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار)یش توانی نەك تەنیا لای من بەڵكو خەیاڵی لای هەموو بینەران دروست كرد، هەر ئەم فیلمەش ئومێدی گەورەتر و جوانتری پێ بەخشیم كەوا لە مەودوا لەسەر كار و چالاكی سینەمایی خۆم بەردەوام بم، سەرنجەكانی خۆشم لەسەر فیلمەكە و دەرهێنەرەكەی لەو خاڵانەدا روون دەكەمەوە:

* ئەو پارە و خەرجییەی لەو فیلمەدا كراوە (هەر چەندێك بێت) بەفیڕۆ نەچووە.

* ئەو فیلمە موتەكاملترین فیلمی سینەمایی كوردییە كە وەزارەتی رۆشنبیری بەرهەمی هێنابێت.

*دەرهێنەر (شەوكەت ئەمین) راستگۆترین دەرهێنەری سینەمایی كوردە لە تەعبیر و نیشاندانی وێنەی سینەمایی كە فێڵ لە بینەرەكەی ناكات و هەڵی ناخەڵەتێنێت و راستگۆترە لە تۆمار كردنی رووداوی وێنەی تۆماری.

* پەڕینەوە لە غوبار بە كردەوە پەڕینەوە و بازدانێكی گەورەیە لە سینەمای كوردی.